سودانی لە ڕۆژی سەرکەوتندا: ئەم بەیارماندارەوە بردەوام بین لە خزمەتکردنی گەلەکەمان



ئەم چوارشەممە، سەرکی ئینجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی، جەختیکردەوە: لەسەر بردەوامبوونی پشکەوتن لە بوارە جیاوازەکانی گەشەپەدان و ڕایگەیاند: کە بە وەتەکەمان شانازی بەسەر هەموو نەتەوەکاندا دەکەین.

فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بە بۆنەی هەشتەمین ساڵیادی ڕۆژی سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا، لە بەیاننامەیەکدا کە لەلایەن نوسینگەی ڕاگەیاندنیەوە بڵاوکرایەوە، ڕیگەیاند: هەشت ساڵ لەمەوبەر عێراقیەکان سەرکەوتن و ئاڵای عێراق لەسەر خاکی ئازادکراو لە چنگ تیرۆری تەکفیری و تاریکپەرست بەرزرکرایەوە.

هێروهها وتی: شانازی دەکەین بەو بەها نیشتمانی و جیهادییانەی کە ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی لە هەموو پێکهاتەکانی گەلە برایەکانمان لە یەک جەستەدا کەکردەوە کە خۆشویستی عێراق لە دڵیاندا لەدەدات، کە تێیدا پیاوەکانمان سەروەری و کەرامەتیان چەسپاند لەسەر هەر بستێک کە تیرۆری شکستخواردوو و تەکشکاو هەوڵیدەدا بە دووبەتی خورافە و تەکفیر و دەجال دایبڕێت.

ئاماژەی بۆشکرد: فەتوای پیرۆزی مەرجەعیەتی باڵای ئایینی یەکێک بوو لە گرنگترین ئەو هەڵکارانەی کە بەشداربوون لە بەرزکردنەوەی ورە تا گەیشتن بە هێزی سەربەخۆتنی یەکجاری و مسۆگەر، هەروەها پاڵپشتوانانی هێزە ئەمنییەکانمان ئەو هاستییەیان سەلماند کە لە عێراقدا پیاوانێک هەن کە شکست پەهێنانیان مەحاڵە، ئەوانەی خەیاڵی خۆنبینانیان بە دابەشکردن و هەڕەشاندنەوەی ئەم وڵاتە پارێزراوە لە گەڵنا.

فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان جەختی کردەوە: کە هیچ بوارێک لەبەردەم هێکخراوەکانی تیرۆر و ئاق و تاواندا نییە کە لەو تاوانە دڕندانەی دژبەر بن کە بەرامبەر عێراقییەکان بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە ئەنجامیان داوە.

وتیشی: بەهای قوربانیدانی شەهیدە نەمرەکانمانەوە ئەمە لە سەقامگیری و ئاسایش و خۆشگوزەرانیدا دۆزین و دەست دەکەین بە ئاوەدانکردنەوەی عێراق و پارێزگاری لە بووژانەوەکەی دەکەینەو
جەختیشیکردەوە: ئەمە پەداگرین لەسەر بەردەوامبوون لە کاروانی خزمەتکردنی گەلەکەمان و وڵاتێک بە هێزی ئەو پاڵپشتوانانە بنیاد دەنێین کە بەنرختترین شتیان لە پێناویدا بەخشی.

راشیگەیاند: لە هەموو بوارەکانی گەشەپەدان بەردەوام دەبین لە پێشکەوتن و بە وڵاتەکەمان شانازی بەسەر هەموو نەتەوەکاندا دەکەین چونکە وڵاتی شەهیدان و پێغەمبەران و ئیمامان و ئەولیایە و وڵاتی ئەو سوارچاکانەیە کە تیرۆریان تەکشکاند و بنبڕیان کرد.

فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان جەختیکردەوە: لەسەر گرنگی یەکخستنی هەوڵستەکان و بەهێزکردنی یەکێیزی نیشتمانی و کارکردن و پشتیوانیکردنی سەقامگیری، کە بەهێوە کاروانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپەدان دەستی پێکردووە.

لە کۆتایدا وتی: پێرۆشی و پشتیوانیمان بە هێزە ئەمنییەکانمان نوێ دەکەینەوە کە هەموو بستێکی خاکی عێراقی خۆشویستمان دەپارێزن و لەپێناو ئاسایش و سەقامگیریدا قوربانی دەدەن.